# توند و تیژی نێو ماڵ تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە خۆت و منداڵت ، بێ دەنگ مەبە لە بەرامبەری !

## خزمەتگوزاریەکانی رێکخراو بریتین لە :

- گوێگرتن بۆ کێشەکەت لە زمانی خۆتەوە وە بە زمانی کوردی
- دابین کردنی زانیاری پێویست بۆ پاراستنی گیانی خۆت و منداڵت لە دەست توند و تیژی و هەڕەشە .
- پەیوەندی کردن و ئامادە بوون لە گەڵتدا بۆ دام و دەزگا خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان لەوانە پۆلیس ، سۆشیال و تەندروستی
- یارمەتیدانت بۆ پەیداکردنی شوێنی بە پەلە و گونجاو بۆ ژیان ئەگەر بریارت دا لە ماڵ دوور کەویتەوە.
- دۆزینەوەی پارێزەر و پشتیوانی کردنی کەیسەکەت لە کاتی پێویستی بە ئامۆژگاری یاسایی بۆ کارو باری پەنابەری وە یان جیابوونەوە .
- یارمەتی دان بۆ بەدەستهێنانی موچەی دەوڵەت و خانووبەرە لە کاتی بریاردانت بۆ دەست پێکردنی ژیانێکی سەربەخۆ.
- پشتیوانی و مەشق پێکردن بۆ بنیادنانەوەی بروا بە خۆ بوونت
- یارمەتی دان بۆ پەیدا کردنی کۆرسی خوێندن و کار ی گونجاو .
- فرسەتی کاری خۆ بەخش لە رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان
- کەڵك وەرگرتنی خۆت و منداڵت لە بۆنە و چوونە دەرەوەی جۆرا و جۆر لەوانە گەشتی سەیرانگا و شوێنوارە مێژووییەکان و بازاڕ و یاریگاکان کە لە لایەن رێکخراوەوە رێك دەخرێت .

## توند و تیژی نێو ماڵ بەرامبەر بە ژنان تاوانە و دەبێ کۆتایی پێ بێت !

هەر زانیاریەك سەبارەت بە کێشەکەت تەنها لە لای رێکخراو دەمێنێتەوە و بە بێ ئاگاداری و رەزامەندی خۆت نادرێ بە هیچ کەس و لایەنێکی تر !

## رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان

زانیاری پێدان، ر ێنمایی و پشتیوانی کردنی ژنان و کچانی کورد کاتێ تووشی توند و تیژی نێو ماڵ و هەڕەشە دەبنەوە


رۆژانی پێنج شەممە و هەینی :
تەلەفۆن: 020 7708 0057

رۆژانی دووشەممە - چوارشەممە
تەلەفۆن : 02072631027

10ی بەیانی تا 4 ی پاش نیوەرۆ

مۆبایل :07748851125 – هەرکاتێ

ناونیشان : Unit X, Fourth floor
Hannibal House
Elephant& Castle Shopping Centre
London SE1 6TE

ئیمەیل :
waviolence@ukonline.co.uk


لە کاتی روودانی توند و تیژی وە یان هەست کردن بە مەترسی تەلەفۆن بکە بۆ پۆلیس :
999

خەتی یارمەتی بە پەلە لەکاتی توند و تیژیدا
08082000247